# بەرنامەی بزووتنەوەی کۆماریخوازی ڕۆژهەڵاتی کوردستان

## هاوۆنیشمانانی خۆشەویست

دەقی خوارەوە باس لە کردنەوەی دەللاقەیەکی تازە بەرووی رۆژهەلاتی کوردستاندا دەکات. بەخوێندنەوە و رەخنەگرتن، تێبینی و پێشنیار لەۆ رەشنووسە، پالپشتی لە بزووتنەوەی کۆماریخوازی رۆژهەلاتی کوردستان بکەن. نەتەوەکەمان پێویستی بە دەستپێکی شێوازێکی تازە لە خەبات لەپێناویی دەستەبەربوونی دەسەلاتی سیاسی و مافی چارەی خۆنووسین هەیە.

ئێمە وەک بزووتنەوەی کۆماریخوازی رۆژهەلاتی کوردستان بەچاویی رێزەوە لەخەباتی هەموولایەنەکانی گۆرەپانی کوردایەتی دەروانین. ئەۆ بزووتنەوەیە لەبنچینەدا خۆی بە جێگرەوەو ئالترناتیفی هیجکام لە پارت و رێکخراوە سیاسیەکانی گۆرەپانی خەباتی رزگارخوازی نازانێ. بەباوەری ئێمە هاۆکاری و تەبایی نێوان کورد بەگشتی و لایەنە سیاسیەکان بەتایبەتی، تەنیا رێگای گوونجاۆ لەئاست دەربازبوون لەۆقێرانە دەبێ کە بەداخەوە خاریج لە ئیرادەی کورد بالی بەسەر رۆژهەلاتی کوردستاندا کێشاوە. بۆیە پێمانوایە رەخنە،

تێبینی، پێشنیاری دلسۆزانەی ئێوەی بەرێز دەتوانن لە دەوڵەمەندکردن و پاراوکردنی ئەو نووسراوەیەدا رۆل و نەخشێکی کارگەر و چارەنووس‌ساز بگێرن. بۆ نیشاندان و دەرخستنی باوەری قوول و پتەومان بە بەشداری تاکەکانی کۆمەلگا لە سەرجەم بووارەکاندا، ئەو نووسراویە وەک دەقی رەشنووسی مەنشووری بزووتنەوەی کۆماریخوازی رۆژهەلاتی کوردستان، بلاودەکەینەوە.

بە تێگەیشتنی ئێمە خوولقاندن و بوونی پرۆسەی کراوەی کایەی سیاسی و رەخساندنی زەمینەی گوونجاو بۆ بەشداری و مشارکەتی گشتی لە پرۆسێسی گەلالەکردنی پرۆژەو و بریاردانی سیاسیدا، لە رەوتی خەبات بۆ رزگاربوونی نەتەوەکەمان وەک مەرجگەلێکی پێویست دێنەنرخاندن. بۆیە بەباوەری قوولمان بەم ئەسلی دەخیل کردنی خەلک لە پرۆسەی گەلالەکردن و بریاردانی سیاسی لەئاست گشت پرسەکانی پەیوەندیدار بەچارەنووسی نەتەوییمان، رەشنووی بزووتنەوە بۆ ئیسلاح و پاراو و دەوڵەمەندکردنی رەوانەی بەردەستتان دەکەیین، بەوهیوایە کە لە بەردی بناخەوە هەتا لێوارەکانی گەیشتن بەئاماجەکانمان پێکەوە هەنگاو هەلگرین و لە چوارچێوەی باوەر بە هاوکێشەی ژێری بە کۆمەل، خەبات و تێکۆشانی تازەمان هەموو پێکەوە رێکبخەینەوە.

هاونیشتمانانی بەرێز، بزووتنەوە دەنگ و رەنگی خۆتانە

تێکەل بە ریزی خەباتکارانی بزووتنەوە ببن و لە پێشرەوانی خەباتی نوێ گەلەکەمان بن

سپاس بۆ هاوکاری هەموولایەک

## شوورای هاوئاهەنگی بزووتنەوەی کۆماریخوازی رۆژهەلاتی کوردستان

## رەشنووسی مەنشووری بزووتنەوە

## بەیاننامەی دامەزرانی بزووتنەوەی کۆماریخوازی رۆژهەلاتی کوردستان

خەڵکی خەباتکار وتێکۆشەری رۆژهەڵاتی کوردستان

حیزب و رێکخراوە سیاسیی، ئایینیی و کۆمەلایەتیەکان

ناوەند و دامەزراوەجۆراوجۆرەکانی نێو گۆرەپانی خەبات و کۆڵنەدان

بزوتنەوەی کۆماریخوازیی رۆژهەڵاتی کوردستان، بزوتنەوەیەکی کراوە و خاوەن پێکهاتەی رایەڵکەیی کۆمەلایەتیە. ئەو بزوتنەوەیە لە پێناوی بەرۆژکردنەوەی بنچینەو بنەما فیکری و فەلسەفیەکانی سەردەمی کۆماری کوردستان، پێک هاتووە. بزوتنەوەی کۆماریخوازی رۆژهەلاتی کوردستان، وەک بزوتنەوەیەکی نەتەوەیی خاوەنی پەیامی دەستەبەرکردنی دەسەڵات و سەروەری سیاسی بۆ نەتەوەی کوردە ئەو بزوتنەوەیە ئاکامی خوێندنەوەی خەسارناسانەلەجولانەوەی رزگاریخوازی نەتەوەی کورد لەرۆژهەڵاتی کوردستانە. دامەزرێنەرانی بزوتنەوە لە ئەنجامی پێداچوونەوە و لێکدانەوەی هەمەلایەنە و رەخنەگرانە لەرووداو و دیاردەکانی رابردوو بەو ئاکامەگەیشتوون،کە کۆمەڵگای سیاسیی رۆژهەڵاتی کوردستان تووشی قەیرانێکی هەمەلایەنە و بەرفراوان بۆتەوە. قەیرانێک، کە باڵی بەسەر ناسنامە، ستراتیژی و رێکخراوەکاندا کێشاوە.

ەروانگەی بزوتنەوەکەمانەوە دۆخی هەنووکەیی کۆمەڵگا و کەش وهەوای قەیراناویی بزوتنەوەی رزگاریخوازانەی رۆژهەڵاتی کوردستان، ئاکامی

سوودوەرگرتن لە ئەدەبیاتێکی سیاسیی و هاوردەییە. سیاسەتی " تێئۆری توطئە"ی نەتەوە سەردەست و نەیارەکان و کارتێکەری ئەوان لەسەر نەتەوەی کورد و بەتایبەت لەبازنەی ئەدەبیات و سیاسەتدا، بەستێن و ژینگەی ژاراوی کردوە. بەباوەڕی بزوتنەوەکەمان:" کولتووری سیاسیی کۆمەڵگا، قەیرانی سیستمی حیزبی و رێکخراوەیی، بلاوبوونەوەی کولتووری خۆبواردن و بەدەستەوەدان و لاوازی ئیرادەی نەتەوەیی"، بەگشتی بەرهەم و ئاکامی راستەوخۆی بەکار هێنانی ئەدەبیاتێکی لەم چەشنەیەن. دامەزرینەرانی بزوتنەوەی کۆماریخوازیی رۆژهەلاتی کوردستان بەلەبەر چاوگرتنی ئەو بارودۆخەو بەمەبەستی دۆزینەوەی رێگاچارەی گونجاو، تێکەڵ بە گۆڕەپانی تێکۆشان دەبن. ئێمەپاش لێکۆڵینەوەو تاوتوێکردنی دۆخی ناوچەو خوێندنەوەی بارودۆخی نەتەوەکەمان لەژێر تیشکی تێۆری و پڕاکتیکدا ،وە بەمەبەستی دۆزینەوەی رێگای چارە و چارەسەری بۆ پرسی کورد لەرۆهەلاتی کوردستان بوونی خۆمان رادەگەیەنین. نانەوەی قەیران و بلاوکردنەوەی چەمکی نوێ و نوێخوازی و تەبلیغی باوەڕی نامۆ دەگەل عادات و کولتوری سیاسی، ئاینی و کۆمەلایەتی نەتەوەکەمان، هیچکامیان بۆ دەربازبوونی نەتەوەی کورد لەرۆژهەلاتی کوردستان کارساز نین.

رێگاچارە و نووسخە و دەرمانی کارساز و چارەسەر بۆ ئەو گشت نەهامەتیانە، خوڵقاندنی بەستێن و ئەگەری پێویست بۆ رێنێسانسێکی ئامانجدار لەمێژووی بزوتنەوەی رزگاریخوازانەی نەتەوەکەمان لەرۆژهەلاتی کوردستانە.

رێنێسانسی ئامازەپێکراو هاوشێوەی شۆڕشی رێنێسانس لە ئورووپا، بەمانای گەڕانەوە بۆ ئەسلو بنچینە، واتە دووبارە لەدایکبوونەوەیە. لەتێڕوانینی

دامەزرێنەرانی بزوتنەوە، چەشنێک خۆ شۆڕکردنەوەیەکی مێژووییە، لەپێناوی دۆزینەوەی گەنجینەو بەها ونکراو و شاردراوە نەتەوەییەکانە. ئەم گەنجینەیە خاوەن بایەخە لە باوەڕ و ئاسۆی تێکۆشانی سەردەمی کۆماری کوردستاندا هەیە. بنەمافیکری و فەلسەفییەکانی سەردەمی کۆماری کوردستان بەو گەنجینە فیکری و سیاسیانە پێناسەدەکەین، کەلەرەوتی خەبات بۆ دەستەبەرکردنی سەروەری سیاسی نەتەوەیمان، وەک رێباز و بەستێنی گەرانەوە بۆ ئەسل و هەوێنی رەخساندنی زەمینەی گوونجاوَ بۆ دەستەبەرکردنی سەروەری سیاسی نەتەوەکەمان بەکەڵک و خاوەن بایەخ دەنرخێنین.

بزوتنەوەی کۆماریخوازیی رۆژهەڵاتی کوردستان لەسەر ئەو باوەڕەیە، کە دۆخی قەیراناوی کۆمەڵگای سیاسیی و ژیانی پڕ لە مەینەتی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان، ئاکامی لادانێکی ستراتیژیک (بەلام کۆنترۆڵکراوَ لە لایەن نەیارانی سەربەستی کورد) لەم ئەسل و بنەچەکە و بگرە پاشخانی نەتەوەییە. ئەو لەرێباز دەرچوون و لەئەسل لادانە (بە پلانی دیار و شاراوەی نەیاران) بەمانای دوورکەوتنەوە لە هەوێنی سەروەریسازی و سەربەستی نەتەوەییمان لە شکڵی کۆمار دایە. لەبەر گرینگی ئەو دیاردەیە، بزوتنەوەی کۆماریخوازیی بوونی رەوتی رادیکاڵ لە چوارچێوەی جێبەجێکردنی مانا و بیری رێنێسانس لە مێژووی مۆدێرن و هاوچەرخی کوردیدا بەگونجاو و پێویست دەزانێ. رەوتی ئامازەپێکراو دەبێتەکاناڵی دۆزینەوە و بەرۆژکردنەوەی پاشخان و گەنجینەیفیکری و فەلسەفییەکانی کۆماری کوردستان و پێشەوا قازی محەممەد. بزووتنەوە بەمەبەستی رزگاربوون و هەنگاوهەڵگرتن بەرەو ئامانجە

نەتەوەییەکان ڕێبازی گەڕانەوە بۆ ئەسل و گەنجینە فیکرییەکانی سەردەمی کۆمار بەرێگایەکی گونجاو و سەردەمیانەدەزانێ. وە لەم ڕاستایەشدا ئەو باوەڕ و بیرانە، وەک سەرچاوەی سەرەکی داڕشتنەوە و نوێکردنەوەی ستڕاتیژی بزوتنەوەی رزگاریخوازانە، لەپێناو دەستەبەرکردنی دەسەڵاتی سیاسیی دەنرخێنێ. بزوتنەوە لە ڕوانگەی ئەم بیر و هزرە نیشتمانیە، ستڕاتیژی وەدیهێنانی دەسەڵات و سەروەری سیاسیی کورد دەستنیشان دەکات. لەو پێناوەدا بەمەبەستی دەوڵەمەندکردنی ئەدەبیاتی سیاسیی و کولتووریی هەڵقولاو لە کانگای نیشتمان خۆشەویستی و نەتەوەسازی، هەموو هەوڵ و تواناکانی خۆی دەخاتەگەڕ. بزووتنەوە ئەو کارە بە پێشمەرج و سەرەتای داڕشتنەوەی هێڵەگشتییەکانی تێکۆشان لەپێناوی دەسەڵات و سەرەوەری سیاسی نەتەوەکەمان دەخەملێنێ.

## مەنشووری بزووتنەوەی کۆماریخوازی ڕۆژهەلاتی کوردستان

بزوتنەوەی کۆماریخوازی ڕۆژهەلاتی کوردستان، لەپێناوی گرینگی پێدان و چەسپاندنی مانا و هەوێنی کۆماریخوازیی لە نێو بزووتنەوەدا، پێویستی بەستڕاتیژی ئاشکرا و کارگەرە. مەرجی گەیشتن بەئامانجی دڵخواز و خوازراو ئەوەیە، کەستڕاتیژی ئامازەپێکراو زۆربەی چێنو توویژەکانی کۆمەڵگا بگرێتەوە.لەبەر گرینگی ئەو هۆکارەیە، کەدروشمی ستڕاتیژیکی بزوتنەوەکەمان پێویستە دەنگ ورەنگی پراکتیزەکردنی مافی دەسەڵاتی سیاسی نەتەوەکەمان بێ. بزوتنەوەی کۆماریخوازی، هەوڵدەدا کوردە ڕەخنەگر و ناڕازییەکان بەرامبەر بەدۆخی ئەمڕۆ لەدەوری سیاسەتەکانی خۆئ کۆکاتەوە. بزوتنەوەکەمان دەتوانێ بۆ سەرجەم ڕوانگەفیکری و باوەڕەسیاسییەکانی نێوکۆمەڵگا ببێتەچوارچێوەیەکی

گونجاو و پێگەیەکی جێگای باوەڕ و خۆ حەوانەوەیەکی پڕ لەمەدارا و تێگەیشتن و پێکگەیشتن.

بزوتنەوە تێدەکۆشێ و هەوڵدەدا، کەببێتەمەکۆی کۆکردەنوەی باوەڕ و دەنگ و ڕەنگەجیاوازەکی کۆمەڵگا. ئەرکی بزوتنەوەکەمانە، کەلەگۆڕەپانی پێکگەیاندن و تێکۆشاندا، قەناعەت بەلایەنە بەشداربووەکانی پڕۆسەی خەبات لەکوردستاندا( لەچەپ و ڕاست و نێوەندەوە) بێنێ، کە مسۆگەرکردنی مافی دەسەڵات و سەروەری سیاسیی بەخاڵی وەرچەرخان بناسێنن. ئەو هەنگاوەئامانجدارە دەتوانێ بەستێنی گونجاو بۆ بەشداریکردنی هەمەلایەنەلەچوارچێوەی نۆڕمەدێموکڕاتییەکاندا مسۆگەر بکا. مەبەست لەبەشداریکردنی گشتیی و هەمەلایەنە، ئامادەبوون و بەشداری چالاکانەی نەتەوەکەمانە لەرەوت و پڕۆسەی داڕشتنی هێڵەسیاسییەکاندا، کەپێوەندیان بەچارەنووسی ئەمڕۆ و دواڕۆژی نەتەوە و نیشتمانەوە هەیە. دیارە ئەوەی لەو نێوەدا زیاتر زەقدەبێتەوە چۆنیەتی هەڵگرتنی هەنگاوی بەکردەوەو گەیشتن بەیەکدەنگی و کەوتنەسەر هێڵی خەبات بۆ ئەستاندنی مافی دەسەڵاتی سیاسییە. بۆ وەگەڕخستنی ئەو پڕۆژەیەپێویستمان بەداڕشتنی هەیکەل و چوارچێوەیەکی دێموکڕاتیکە، کەیەک دەنگیی و یەک ئامانجی بەرهەم دێنێ. کردنەوەی دەرگای دیالۆگ و ئاڵوگۆڕکردنی روانگەو باوەڕە جیاوازەکان بەمەرجی بنەڕەتی دەزانین، کەلەدرێژخایەندا مۆدیلێکی گونجاو بۆ داڕشتنی بەرژەوەندی نەتەوەکەمان دەخوڵقێنێ. بەباوەڕی ئێمەبۆ گەیشتن بەو ئامانجانەپێویستەلەسەر ئەو خاڵانەی خوارەوەهاودەنگ و هاوڕا بین:

.ئۆرگانیزەکردنی خەبات و تێکۆشان لەپێناوی گەیاندنی دەنگ و پەیامی گەلەکەمان لەهەموو بەستێنەکاندا. لەم بوارەدا بزووتنەوەی کۆماریخوازی ڕۆژهەڵات، دەبێ بەرامبەر بە بارودۆخی دژوار و ژانهێنەری کوردەکان لەرۆژهەلاتی کوردستاندا هەڵوێست وەرگرێ. پێویستەدەنگی هاوار و ناڕەزایەتی بەرامبەر بەهەڵسوکەوتی نیزامی زاڵ دەربڕین و بۆ بەرفراوان کردن و نەتەوەیی کردنی ئەو بێزاریی و نارەزایەتی و ئیعترازانە، بەکردەوە و هەموو پێکەوە هەنگاو هەڵگرین.

٢ .کار کردن بۆ ساغبوونەوە لەسەر جۆری چارەسەرکردنی مافی چارەی خۆنووسیندا. بۆ گەیشتن بەو شێواز و مۆدیلەلەچارەسەرکردنی مافی نەتەوەکەمان پێویستمان بەمەیدان و سەکۆیەکی ئازادو پر لەمدارایە، لەپێناو دەسپیکی پرۆسەی دانووستاندن و دیالۆگی کارساز و چارەنووسسازدا هەیە. رەخساندنی دەرفەت و هەلومەرج بۆ دیالۆگی نێوان دەنگ و فیکرەجیاوازەکان و تاوتوێ کردنی رێکارەکانی ساغبوونەوە لەسەر ئەو پرسەگرینگە، بەمانای بەشداربوونی هەرچی زیاتری نەتەوە لەباسەچارەنووس سازەکان دایە. پاش گەیشتن بەهاودەنگی لەسەر جۆری دیاریکردنی مافی چارەی خۆنووسین بۆ کورد لەرۆژهەلاتی کوردستان، دەکرێ باس لەنەخشەی رێگا و کارکردن بۆ جێبەجێکردنی ئەو پرۆژەیە بکرێ. بۆیە بزوتنەوە لەو پێناوەدا ئەو ئە رکانەی خووارەوە لەچوارچێوەی نەقشەی رێگا دا بەڕێوەدەبات:

## نەقشەی رێگا لە پێناۆ دەستبەرکردنی سەروەری سیاسی بۆ کوردی ڕۆژهەلاتی کوردستان

قۆناغی یەکەم

## کۆنفرانسی ئاشتی نەتەوەیی

لەقۆناجی یەکەمدا، بزوتنەوە هێز و تواناکانی خۆی دەخاتەگەڕ، بۆ ئەوەی ئامادەکاری بۆ پێکهێنان کۆنفرانسی ئاشتی نەتەوەیی بکرێ. ئەم کۆنفرانسە پێکهاتەیەکی بەرین دەبێت، کەزۆرترین دەنگ و رەنگی کۆمەڵگاکەمان لەخۆ دەگرێ. ئەم پێکهاتەیە بە بەشداری نوێنەرانی گشت حیزبو رێکخراوە جۆراوجۆرەکان و هەروەها بەشداربوونی کەسایەتیە سیاسی، ئایینی و کۆمەلایە تیەکان پێک دێت. ئەرکی ئەم کۆنفرانسە بریتی دەبن لە:

١ .رەخساندنی کەشو هەوا و بەستێنی تەبایی نێوان لایەنە ناکۆک و ناتەباکان لەپرۆسەی دارشتن و خولقاندنی ستراتیژی یەک دەنگیسازی و هاودەنگی گشتگیر

٢ .تێکۆشان و هەوڵدان بۆ رەخساندنی کەش وهەوای گونجاو بۆ چەسپاندنی ئەسلی یەکترقبوڵکردن ، کەبە سەرەتای پرۆسەی دیالۆگی نێوان لایەنەکان دەژمێردرێ. رەوتی دەستەبەرکردنی مافی دەسەلاتی سیاسیی و سەروەریسازی نەتەوەیی لەرۆژهەلاتی کوردستاندا پێویستی بەو بەستێن و پاشخانی کولتوری هەیە. بۆ ئەوەی کۆدەنگی و یەکدەنگی لەسەر پرسەگرینگەکان دەستەبەر بێ، کراوەیی و شەفافییەت، یەکترتەحموول و تەقەبوول کردن لە دارشتنی پێوەندی نێوان لایەن و حیزب و لەسەر یەک کۆی ئەکتەرگەلی سیاسی ناو کۆمەلگای سیاسی رۆژهەلاتی کوردستان، وەک پێویستیەکانی هەرە گرینگ و ئیستێراتیژیک خۆدەنوێنن، بۆیە بزووتنەوە

بۆدەستەبەرکردنی ئەم ئامانجانە پێویستی بەهاریکاری سەمیمانەی گشت لایەک هەیە.

٣ .ئامانجی سەرەکی ئەو کۆنفڕانسە پاش دەستەبەرکرانی لێک تێگەیشتن و هاودەنگی لەنێوان لایەنەکاندا، کارکردن بۆ دامەزراندنی کۆنگرەی نەتەوەییە. بەرێککەوتن و تێگەیشتنی هەمەلایەنە کۆنفڕانس کۆمیتەیەکی کارناس و شارەزا هەڵدەبژێرێ، بۆ ئەوەی سەرەتا و مەرجەکانی دامەزراندنی کۆنگرەی نەتەوەیی لەرۆژهەڵاتی کوردستاندا ئامادەبکەن. ئەو دامەزراوەیە رۆڵ و نەخشی پارلەمانیی رۆژهەڵاتی کوردستان لەدەرەوەی وڵات و لە قۆناخی تێپەڕدا بەئەستۆ دەگرێ.

**قۆناغی دووهەم**

## دامەزراندنی کۆنگرەی نەتەوەیی ( پارلەمانی رۆژهەڵاتی کوردستان لە تاراوگە)

بزوتنەوە بە هاوکاری کۆمیتەی ئامادەکار، کەلەلایەن کۆنفڕانسەوەهەڵبژێردراوە بەستێنەکانی سازدانی کۆنگرەی نەتەوەیی کورد بۆ رۆژهەڵاتی کوردستان ئامادە دەکا. کۆنگرەی ئاماژەپێکراو لەنوێنەرانی هەموو حیزب و رێکخراوەکان (سیاسی، ئایینی، کۆمەڵگای مەدەنی و کۆمەڵایەتی) و ژمارەیەکی بەرچاو لەکەسایەتییە دیار و بەرچاوەکانی زۆربەی چین و توێژەکان پێکدێ. کۆنگرە لەپێناوی پەسەندکردنی جۆری مافی دیاریکردنی چارەی خۆنووسین بۆ نەتەوەکەمان تێدەکۆشێ. لەو پێوەندییەدا گرینگە، کەجۆری پەسەندکراوی مافی دیاریکردنی چارەنووس لەگەڵ بارودۆخی ناوچەوکوردستان بگونجێ .

پاش پەسەندکرانی ئەو مۆدیلە لەلایەن ئەندامانی کۆنگرە، سروشتی دامەزراندنی حکومەتی دیفاکتۆی کوردەکانی رۆژهەڵات دیاری دەکرێ. وە هەر لەم راستایەشدا لەسەر بناخەی دێموکڕاسی رێککەوتن و کۆنسێنسواڵ ئەندامانی کۆنگرە بەتەوافووق، کابینەی حکومەتی دیفاکتۆ و ئێتلافی رۆژهەڵاتی کوردستان دیاری دەکەن.

## قۆناغی سێهەم

## دامەزراندن و راگەیاندنی حکومەتێکی دیفاکتۆ بۆ رۆژهەڵاتی کوردستان

لە فاز و هەنگاوی سێهەمدا، بزووتنەوەی کۆماریخوازی رۆژهەڵاتی کوردستان کەش‌و هەوا و بەستێنی پێویست‌و لەبار بۆ جێبەجێکردنی پەسەندکراوەکانی کۆنگرەی نەتەوەیی دەڕەخسێنێت. لەو پێوەندییەدا بە سوودوەرگرتن لە بڕیارنامەی 1( ١٥١٤ و ٢٦٢٥)ی مەنشووری رێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکاندا لەچوارچێوەی نیزامی حقووقی نێونەتەوەیی، بۆ رەوایەت‌و شەرعییەت‌دان بەپێگەو جێگەی حکومەتی دێفاکتۆی کوردیی کار بکات. روونە کە رۆژهەڵاتی کوردستان و کوردەکانی ئەو پارچەیە بێ ویستی خۆیان کەوتوونەتە ژێر دەسەڵاتی ئێران. ئەو نەتەوەیە بەدرێژایی مێژوو لەمافە رەواکان بێبەشکراوە. لەو هەلومەرجەدا پێویستە لەچوارچێوەی بڕیارنامەی ٢٦٢٥2ی رێکخراوی نەتەوەیەکگرتوەکاندا رەوایەتی و مافی مەشروعبوونی حکومەتی دێفاکتۆ بدۆزرێتەوە. بەخوێندنەوەی ئەو بڕیارنامەیەو هەروەها بەسەرنجدان بەچوارچێوەی مافی نێونەتەوەیی،“ بڕیاری دێموکڕاتیکی گەلان لەسەر چارەنووسی خۆیان جێگای رێزەو بەفەرمی دەناسرێ“. هەر بۆیەبزوتنەوەبەسوودوەرگرتن

لەخاڵەگرینگ و خاوەن بایەخەکانی ئاماژەپێکراودا، حکومەتی دیفاکتۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەدەرەوەی وڵات رادەگەیەنێ.

## ئەرک و بەرپرسایەتی ئەم حکومەتە:

١ .رێکخستن و رێبەری کردنی بزووتنەوەیەکی ئاشتیخوازانە، لەسەر بناخەی خەباتی نەرێنی نەتەوەکەمان لەرۆژهەڵاتی کوردستان دژ بەزوولم و زۆر، وە سیاسەتی داپلۆسینی دەسەڵاتی فەرمانڕەوا.

٢ .نیشاندان و خستنەڕووی توانا و لێهاتوویی حکومەتی دیفاکتۆ لەگۆڕەپان و مەیدانی کردەوەدا. ئەو تووانایە ئەگەری گونجاو دەخوڵقێنە بۆ ئەوەی حکومەتی دیفاکتۆ وەک جێگرەوەی سیستمی بەڕێوەبەریی دەوڵەت لە رۆژهەلاتی کوردستان بنرخێندرێ. لەلایەکی دیکەوە حکوومەتی دیفاکتۆ هەوڵدەدات بۆ رەخساندنی هەلومەرجی گونجاو بۆ کردەی دیپلۆماسی و میکانیزمی هێنانەگۆڕی کەش و بەستێنی دیالۆگ و دانووستان لەپێناوی چارەسەرکردنی پرسی کورد لەرۆژهەڵاتی کوردستان. جێگای باسە، کەحکومەتی ئاماژەپێکراو بێجگە لەو ئەرکانە، لەپێناو چەسپاندنی ماف و رەوایەتی ویستی کوردەکان لەمەیدانی بەرین و لەناۆ نیهادگەلی خاوەن بریار تێدەکۆشێ.

٣ .سوودوەرگرتن و بەکارهێنانی هەموو میکانیزم و ماف و یاسا نێونەتەوەییەکان، بۆ وەدەستهێنانی رەوایەتی ناوچەیی و جیهانی. دیارە خۆشکردنی بەستێنی دەستەبەرکردنی مافی خۆبەڕێوەبەردن و رەوایەت بەخشین بەو مافە لەئاستە جیاوازەکاندا، یارمەتیدەری جێبەجێ بوون و ماتریاڵیزەکردنی مافی چارەی خۆنووسین بۆ نەتەوەی کورد لەرۆژهەڵاتی کوردستانە.

٤ .کارکردن و تێکۆشان لە ئاستی کۆمەڵگای جیهانی بەمەبەستی راکێشانی سەرنجی جیهانی دەرەوە بۆ پرسی کورد و رەوایەتدان بەحکومەتی دیفاکتۆ. لەو رێگایەوە دەکرێ سوود لەهەموو بوارەکان وەربگیرێ و پاڵپشتی نێونەتەوەیی مسۆگەر بکرێ. لەئەگەری دەستپێکردنی پرۆسەی دیالۆگی نێوان لایەنەکان و دەسەلاتی ناوەندی بو چارەسەرکردنی ئەو پرسە ئاڵۆزە لەرێگای دیالۆگ و نەخشەرێگای ئاشتیەوە، حکومەتی تێپەڕو ئینتیقالی، دەتوانێ ئەرکی ئیدارەکردنی جۆغڕافیای رۆژهەلاتی کوردستان بەدەستەوەبگرێ. حکومەتی دیفاکتۆ لە رەوتی وتوێژ و دیالۆگی ئاشتیدا خۆی بەبەرپرس دەزانێ وەلەم راستایەدا لەپێناۆ سەرخستنی پرۆسەی چارەسەرکردنی پرسی کوردی رۆژهەلات بێوچان تێدەکۆشێ و بەخاوەن بەڵێن دەزانێ.

٥. بەشداریکردن لەرێفراندۆم وەک درێژەی تێپەڕکردنی قۆناخی چارەسەرکردنی پرسی کورد و نەتەوەی کورد لە رۆهەلاتی کوردستاندا. نەتەوەی کورد لەو پارچەیەی کوردستاندا دەتوانێ لەسەر بناخەی مافی رەوا د.ا لەپرۆسەی رێفراندۆمدا بەشدار بێ. نەتەوەی کورد لەو رێفراندۆمەدا لەسەر چۆنیەتی و شێوازی مانەوە لەنێو چوارچێوەی سنوورەکانی ئێراندا بڕیار دەدا.

٦ .دوای تێپەڕکردنی هەنگاو و قۆناخەباسکراوەکان، لەپێناوی جێبەجێکردنی مافی دیاریکردنی چارەنووس لە شکڵ و شێوازی بڕیار لەسەردراودا، کە کۆمارێکی دێمۆکڕاتیکە، پرسی ئاڵوگۆڕ لەحکومەتی دیفاکتۆ دێتەگۆڕێ. لەئاکامی گەیشتن بەرێگایەکی چارەسەر و رێککەوتن لەگەڵ دەسەلاتی ناوەندیی لەئێراندا، حکومەتی دیفاکتۆ لەدیاسپۆڕاوە بەرەو کوردستان دەگواسترێتەوە. لەو قۆناخەدا بەسوودوەرگرتن لە میکانیزمی دێموکڕاتیک و تێپەڕبوون لە پرۆسەیەکی

دێموٚکڕاتیک و بەبوونی سیستمێکی فرەحیزبی، بەستێنی هەڵبژاردنەکانی پارلەمان و دامەزراندنی حکومەتی نوێنەرایەتی لەرۆژهەلاتی کوردستان ئامادەدەکرێ.

## ناوی بزوتنەوە

ماددەی یەکەم: ناوی بزوتنەوە، بزوتنەوەی کۆماریخوازی رۆژهەلاتی کوردستانە

ماددەی دووهەم: بنەمای فیکریو فەلسەفی بزوتنەوەلەسەرئەم خالاّنەی خوارەوە دامەزراوە:

١ .ئازادیی و عەدالەت ٢. کۆمارییەت و دەسەلاتی خەلک ٣. گەشەسەندن و ئالوگۆڕەکۆمەلایەتییەکان. ٤. ئاشتی و ئاسایش، وە هاوژینی بەئاشتی

## ماددەی سێهەم: ستڕاتیژی و ئامانجی بزووتنەوە

١ .ستراتیژی یەکدەنگیسازی، هەوڵدان بۆ خولقاندنی یەکدەنگی و هاودەنگی نەتەوەیی لەسەر بناخەی پاراستنی فرەڕەنگی کۆمەڵگای کوردی، لە خاڵەستڕاتیژیەکانی بزوتنەوەکەمانە . ئەکتیۆ کردنی تاکی کورد و ئاشناکردنی تاک و کۆی نەتەوەکەمان لەگەڵ باوەڕەنەتەوەییەکان و گەیشتن بە بیر و هزری نەتەوەیی لەرێکار و میکانیزمەکانی گەیشتن بەستڕاتیژی بەئەژمار دێن.

٢ .سیاسەتی سەروەیسازی، سیاسەتی وەدەستهێنانی مافی دەسەلاتی سیاسیی و سەرلەنوێ خوێندنەوەی مانا و هەوێنی نەتەوەو کۆمەڵگا. بۆ سەر خستنی ئەو سیاسەتە چەسپاندنی ئەسلی هاریکاری نێوان لایەنەکان بەمەرجی

کاریگەر دەژمێردرێ. وەگەڕخستنی هێز و وزەی نەتەوەیی لەپێناوی دەستەبەرکردنی مافی هەبوونی دەسەلاّت و سەروەری سیاسیی.

٣ .سیاسەتی نەتەوەیی، سەرەڕای بوونی وزەو هێزی چەسپاندنی شوناس و ناسنامەی نەتەوەیی لەرۆژهەلاّتی کوردستان، لەبەرچاوتەنگی و سیاسەتی دوژمنکارانەخۆدەبوێرێ. بزوتنەوە تێدەکۆشی بلاّوکەرەوەو هەڵگری پەیامی ئاشتی و پێکەوەگونجان بێ. پەیامێک، کە لەدرێژخایەندا بۆ چارەسەرکردنی زۆر پرسی دیکەی ناوچەسوودی دەبێ.

٤ .سیاسەتی نەتەوەسازی، پشتگیریکردن لە توێژینەوە و پەرەپێدانی زانست و زانیاری و پاڵپشتی کردنی گەنجینەو بوارەئەرێنیەکانی نەتەوەی کورد.بەشێک لە سیاسەتی بزوتنەوەکەمانە.

٥ .. ئامانجی ستراتیژیک، دەستەبەرکردنی سەروەری سیاسی و نەتەوەیی واتە مافی دەسەلاّتی سیاسیی بۆ نەتەوەکەمان لەرۆژهەلاّتی کوردستان بەئامانجی بزوتنەوەپێناسەدەکرێ. ئەو مافە لەسەر بنچینەو بناخەی "مافی دیاریکردنی چارەی خۆنووسینی گەلان لە شکلیioومکینی خۆیدا" و لەچوارچێوەی هەلومەرجی سەردەم چەقدەبەست ( مەبەست لە شکڵی مووmکین و گونجاوی مافیدیاریکردنی چارەنووس قۆستنەوەی دەرفەت و هەلومەرجی گونجاوە، کە رەخسێنەری دەستەبەربوونی مافی چارەی خۆنووسین لە یەکێک لەو چوار شێوازانەدا دەبێ. ئەو چوار شێوازەبریتین لە لە: ١.خودگەردانی. ٢.ئوتۆنۆمی. ٣.فێدراڵی. ٤. سەربەخۆیی.

## ماددەی چوارەم: پێکهاتەی رایەڵکەیی بزووتنەوە

ڕێکخستنی بزووتنەوە لە شیوازی پێکهاتەی رایەڵکەی کۆمەلایەتیە(شبکه اجتماعی). بزوتنەوە لە قەوارەی سانتریاڵیزم سوود وەرناگرێ و خاوەن پێکهاتەیەکی کراوە و ئاسۆیی دەبێت. بزوتنەوە هەوڵدەدا لەرێگای سوودوەرگرتن لە کۆد و ژمارەی دیاریکراو، هەموو پێکهاتەکانی بزوتنەوە پێکەوە ببەستێتەوە. پێکهاتەی رایەڵکەی کۆمەڵایەتی (نیزام و سیستمی کۆمەڵایەتی خاوەن قەوارەی رایەڵکەیی)، لەسەر ئاستی پێکگەیاندنی پێکهاتەو ڕێکخستنەکانی بزوتنەوە لەنیزامی خۆبەڕێوەبەری خاوەن ئۆتۆنۆم کەڵک وەردەگرێ. بزووتنەوە خاوەن قەوارەی لامەرکەزییە، بەۆمانایە کە گشت لایەن و پێکهاتەکانی بزووتنەوە،کە بریتین لە شوورا و کۆمیتەکان لەچوارچێوەی سیاسەتی گشتیی بزوتنەوەدا خاوەن بڕیارن. چالاکوانانی شووراگەلی بزوتنەوەکەمان لەچوارچێوەی سیاسەتی بەڕێوەبەریدا دەتوانن، لەرێکخراوەکانی دیکەی رۆژهەڵاتی کوردستاندا ئەندام بن. بزوتنەوە خاوەنی شوورای هاۆئاهەنگی و رێکخستن و بەڕێوەبەرییە، کە لەبواری رێکخستن و هاۆئاهەنگ کردنی ریتمی کار و تێکۆشانی نیهادگەلی پەیوەست بە بزووتنەوەدا چالاکی دەنوێنێ، و لەم راستایەدا ئەرکی چاوەدێری کردنی تێکۆشانی گشتیی چالاکوانانی بزووتنەوە ئەنجامدەدات، ئەم شوورایە وەک خاڵی پێوەندی نێوان پێکهاتەکانی بزوتنەوە رۆل دەگێرێت و لە بەرەوپێشبردنی سیاسەتی سەرەکی بزوتنەوەدا کار دەکا.

## ماددەی پێنجەم: مێتۆد و شێوازی خەباتی بزووتنەوە لە پێناو دابینکردنی ئامانجی ستڕاتیژیکی بزووتنەوە

خەباتی ئاشتیخوازانە و دوور لەگرژی و رادیکاڵ، لەمێتۆد و شێوازەکانی خەبات لە پێناوی دابین کردنی ئامانجی ستراتیژی بزوتنەوە بەئەژمار دێ.
ئۆرگانیزەکردنی خەباتی کۆمەڵانی خەڵک و نافەرمانی مەدەنی کە هەڵگری پەیامی مافخوازی و مافی دەسەلاتی سیاسین لەشکڵ و شێوازی خەباتی بزوتنەوەکەمان دەبن. بزوتنەوە لە چوارچێوەی سیاسەتی "بەرگری رەوا" دا، مافی خۆ پاراستنی رەوا بۆخۆی دەپارێزێ. ئەگەر پەیامی ئاشتیخوازانە و مافخوازنەی بزوتنەوە لە لایەن نیزامی دەسەلاتدارەوە بەتوندوتیژی ولاّم بدرێتەوە، بزوتنەوە بەناچار و دوور لە ئیرادەی و پەیامی ئاشتخوازانەی، هێزی بەرگری رێکدەخات.
لەوەها حالەتیکدا، بزوتنەوەکەمان لە پێناو پاراستنی جولاّنەوەی مافخوازی و رامکردنی نیزام بۆ گەراندنەوەی بۆ رەوتی سیاسەتی تەعامووڵ نەک تەقابووڵ، هێزی بەرگری نەتەوەیی (میلیشیای کۆماریخوازی رۆژهەلاتی کوردستان) پێکدێنێ.

لە چوارچێوەی شێوازی خەباتی ئاشتیخوازانەدا، خەبات لە پێناوی بەڕۆژکردنەوەو زیندوو کردنەوەی کۆماری کوردستان لەگشت ئاست و گۆڕەپانەکاندا بەڕێوەدەچێ. ئەم خەباتە بێگومان کۆسپ و تەگەرەی دێتەسەر رێ.
بەمەبەستی بەرەنگاربوونەوە بەرامبەر بە دوژمن و نەیارە دەرەکی و نێوخۆییەکان پێویستمان بەیەکگرتوویی و هاوخەباتی هەیە. خەباتی ئەمجارە پێویستە لەهەموو ئاست و بوارەکاندا بەڕێوەبچێ. زۆربەی هەرەزۆری کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بەسەرمایەی سەرەکی ئەو خەباتە بەئەژمار دێن. ئەم خەباتە پێویستی بە هێز و وزەی یەکگرتوو، چالاک و ئەکتیو لەئاستی تاک، کۆ و گروپەوە هەیە. ئەم پڕۆژەیە بەتەنیا بەخەباتی دەستەو ژمارەیەکی کەم لە نووخبە و

بڕاردەکانی کۆمەڵگا سەرناکەوێ. مەرجی گەیشتن بەئامانجە ڕەواکانمان بەشداربوونی کۆمەلانی خەڵکی کوردستان لەریزی پێشەوەی خەبات و بەرخۆدان دایە. کۆمەلانی خەڵکی کوردستان بەخۆرێکخستن لە شوورا و ناوەندگەلی جۆراجۆر دا(شووراکانی: بنەماڵە، پیشە، ئایینی، توێژ، گوند و شار و عەشیرەتە خەباتگێڕەکانی کوردستان) دەتوانن کاریگەر و ئەکتەری جوالانەوەیەکی بەرین و رەوا بن. بەمچەشنە لەژێر ناوی جۆراوجۆردا و بەهاوکاری بزووتنەوەی کۆماریخوازی رۆژهەلاتی کوردستان، هەموو لایەک وەک ئەرکی نەتەوەیی لەپڕۆسەی خەباتی رزگاریخوازنەدا بەشدار دەبن. پرسی نەتەوەی کورد مافی دیاری کردنی چارەنووسە، کەبەگوێرەی سروشتی ژینگەو ژێردەستەبوونی خاک و نەتەوەکەمان هەموومان دەگرێتەوە. بەشداریکردنی تێکڕایی کوردەکان بە گوێرەی توانا و ئەگەرەکانی ژیانیان لەم پڕۆسەیەدا، بەمەرجی سەرەکی چارەسەرکردنی پرسی کورد پێناسەدەکرێ. بزووتنەوە بەمەبەستی جێبەجێ بوونی پرۆژەی دەستەبەربوونی مافی دەسەلاتی سیاسیی و رزگاربوون لەبندەستی، بانگەوازی هەموو لایەک دەکا. پڕاکتیزەکردنی بڕیار و تەنانەت خەونە نەتەوەییەکان گرێدراون بەئەرک و تێکۆشانی تێکڕاییمان. لەمبووارەدا رێکخستن و دامەزراندنی شووراکان بەسەرەتای کرداری نەتەوەییمان دەنرخێندرێن. مامۆستایانی ئایینی و قوتابخانەکان لەریزی پێشەوەی ئەو خەباتەدان. ئەوان دەتوانن مزگەوت و قوتابخانەکان بکەنە دوو ناوەندی بەهێز بۆ پەرەپێدان و بلاوکردنەوەی هزر و باوەڕی نەتەوەیی. پرسی گەڕانەوە بۆ کۆمار و بەڕۆژکردنەوەی کوردایەتی هیچ سنوورێکی نییەو لەگەڵ هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگادا دەگونجێ.

نەوەی کۆن و خاوەن تاقیکاری بەسوودوەرگرتن لە هەلومەرجی سەردەم، ئەزموون و زانیارییەکانی سەردەمی کۆمار و ئامانجەپیرۆزەکانی ئەو قۆناخەلەمێژووی نەتەوەکەمان بۆ نەوەی تازەبگوازنەوە. لەو ڕێگایەوەگیانێکی تازەبەپەیکەری خەبات بۆ دەستبەرکردنی مافی نەتەوەیی و مافی بوونی دەسەڵاتی سیاسییدا دەکرێتەوە. ئاشناکردنی نەوەی تازەلەگەڵ کۆمار و بیرۆکەی ڕزگاریخوازی لەژێر تیشکی مێژووی درەوشاوی کۆماردا لەئەرکەگرینگ و پیرۆزەکانن.

لاوان هێزی بەتوانا و خاوەن هزری خوڵقاندن و ئاڵوگۆڕن. بوونی لاوان لەڕێچکەی جێبەجێکردنی ئەو پرۆژە نیشتمانی و نەتەوەییە بەمەکۆی کۆکردنەوەی هێز و وزەی کۆمەڵگا پێناسەدەکرێ. لاوەکان بەخۆڕێکخستن و پێکهێنانی شوورا و کۆمیتەی تایبەت لەچوارچێوەی بزوتنەوەی کۆماریخوازییدا دەبنە دینەمۆی بەرەوپێشچوون و سەرکەوتن. ئەوان بەتێکەڵبوون و ڕێبەرایەتی کردنی خەباتی نافەرمانی مەدەنی و نەرێنی گەلەکەمان دژ بە سیاسەتی داپلۆسین دەسەڵاتی فەرمانڕەوا، گۆڕەپانی خەبات و تێکۆشان گەرم و گوڕتر دەکەن. گرینگ ئەوەیە، لاوانی کورد بەدوور لەدەمارگرژی و لەمیکانیزمی گونجاو لەسەر چەسپاندنی مافی ڕەوای نەتەوەکەمان پێداگری بکەن. داهاتوو و دواڕۆژ لە دەستی لاوەکانی ئەمڕۆ دایە. لەروانگەی کۆماری کوردستان لاوەکان بەهێز و پێشمەرگەی بەڕێوەبەردنی دواڕۆژی کۆمەڵگای کوردیی دەخەملێندران. تێڕوانینی گرینگی کۆمار لەسەر هێز و وەزەی لاوان، هاندەری کۆماری کوردستان بوو، بۆ ئەوەی ژمارەیەک لەلاوەکان بەمەبەستی پەروەردەکردن ڕەوانەی دەرەوەی کوردستان بکات.

لە سایەی کۆماری جوانەمەرگدا، نەتەوەی کورد خاوەنی کۆمەڵێک سیما و هێمای ناسراو و چەسپاوە. ئاماژە و هێمای ئەو سەمبول و رەمزانە، لەهەوێنی پەیامی بزوتنەوەی کۆماریخوازی رۆژهەلاتی کوردستاندا رەنگی داوەتەوە. یەکێک لەو هێما گرینگ و خاوەن بایەخانە، ئالاّی سێ رەنگی کوردستانە. کەڵکوەرگرتن لە ئالاّی کوردستان وەک هیمای نەتەوەیەک، کەبە دوای کۆمار و دەستەبەرکردنی مافی دەسەلاّتی سیاسیی، خاوەنی مێژووی خەباتێکی دوور ودرێژە لەئاست پاراستن و بەشەکاوەراگرتنی، کارێکی شیاوە. بەکارهێنانی ئەو ئالاّیەو دیاربوونی لەژیانی رۆژانەدا و لەهەر جێگەیەک کەئیمکانی هەیە، کاناڵێکی کارساز و کاریگەر لەپڕۆسەی نەتەوەسازی بەئەژمار دێ. ئەم دیاردەیە لەپڕۆسەی کولتووری نەتەوەسازی و هەوێنکردنی ناسنامەی نەتەوەیی و زیندووکردنەوەی ئامانج و باوەڕەکانی کۆمار لەنێو نەتەوەکەماندا رۆڵێکی کاریگەر دەگێڕێ. بێجگە لەوە لەپەرەپێدانی کولتووری وشیارکردنەوەی تاک و کۆمەڵی کۆمەڵگای کوردیی لەرۆژهەلاّتی کوردستاندا دەور و نەخشی بەرچاو دەگێڕێ. لەئەنجامدا نەیار و دۆستەکانمان زیاتر و چڕتر لەگۆڕەپانی ژیانی رۆژانەدا دەبینن و دەبیستن، کەپرسی کورد پرسی سەروەری سیاسی وشەکاوە راگرتنی ئالای سێ رەنگیەتی. بۆیە لەئاکامدا بەدوور لە ئیرادەی نەیاران و ناحەزان، ئەم پرسە دەبێتەپرسی رۆژ و هەوڵدان بۆ شاردنەوەو سەرکوتکردنی سوودێکی نابێ.

داڕشتنەوە و پتەوکردنی کولتوور نەتەوەیی بەکارێکی بنچینەیی دەژمێردرێ. پەرەپێدانی کولتووری خۆناسی و ماف ویستی لەبەرزکردنەوەی هەست و گیانی کوردایەتی کوردەکاندا شوێندانەر دەبێ. ئەگەر پێکەوە قۆلی تێکۆشان

لەپێناو پراکتیزەکردنی باوەڕە نەتەوەییەکان هەڵماڵین، بێگومان بەکەمترین خەسار و هەزینە گەورەترین بزوتنەوەی سەروەریسازی بۆ رۆژهەلاتی کوردستان دەستەبەر دەکەین. سەرجەم چین و توێژەکانی کۆمەڵگا لەسەرخستنی ئەو ئەرکە پیرۆزەدا کاریگەرن. لەئەگەری ئامادەنەبوونی ئەکتەری نەتەوە لە گۆڕەپان و مەیدانی سەرەکی خەبات و بەرخۆدان دا، ماف و ویستەکانمان دەستەبەر نابن. نەتەوەکەمان دەبێ بەکەڵکوەرگرتن لەئەزموونی گەلانی سەربەست و ئازادی دنیا بەو ئاکامەگەیشتبێ، کەخاک و مافی نەتەوەیی لەگەرەوی داوکاری نەتەوەیەکدا مسۆگەر دەبن. با بۆ دەسپتێکی وەرزی نوێ لەتێکۆشان ئایین و زانست ببنە پاڵپشتی ناسنامەی کوردان و بەشێک لەچارەسەری پرسی نەتەوەیەک، کەزۆردار و نەتەوەسەردەستەکان بەشێواز و مێتۆدی جیاواز بەردەوام هەوڵیانداوە هەوێنی بوون و هەرمانی لێ زەوت بکەن. رزگاربوونی نەتەوەیەک ئەرکێکی بەردرێژ و گرانە، کەپێویستی بەبەڵێن و بەرپرسیارەتی تێکڕاییە. کوردەکان بەوانەوەرگرتن لەپێشەوای خۆیان فێری بردنە سەری وەفا و بەڵێن کراون. پێشەوایەک کەبەچوون بۆ سەرداری سێدارەبەکردەوە وەفای خۆی بۆ کۆماری کوردستان و هاولاتیانی نیشتمانی کۆمار دەربڕی. پێشەوا یەکێک لەو سەمبولانەی نەتەوەی کوردە، کەوێنەی لەنێو کورد و نەتەوەکانی دیکەدا دەگمەنە. نەتەوەکەمان و نەوەی ئەمڕۆ بەوانەوەرگرتن لەخەباتی گەلانی دیکەو بوونی پێشوایەکی خۆبەختکەر دەتوانن لەریزی گەلانی دیکەی جیهاندا سەربەرز راوەستن. بۆ گورینی ئەو ژیانەو ئەو مێژوویە یەکگرتوویی لەباوەڕ و وتەو کرداردا مەرجی سەرەکین. مافی چارەنووس لەئاکامی خەباتی تێکڕایی و بەبوونی ناسنامەی نەتەوەیی دەستەبەر دەبێ. گۆڕانی ئامانجدار و گەیشتن بەئامانجەکان پێویستیان بەئەکتەر و هێزی هەڵسووڕێنەرە. هەرەوەزی سیاسیی

بەتەنیا ڕێگاچارەی پرسی کورد بەئەژمار دێ و تەنیا دەرمانێکە، کەچارەسەری نەخۆشی بەردرێژی ژێردەستیی و چەوسانەوە دەکا.

## وەلانانی دروشمی لەنێوچوون و ڕوخاندن لە بەرنامەی سیاسی بزووتنەوەدا

دەسەلاتدارەیەتی ئێران بە درێژایی مێژووی دامەزرانیەوە بەرامبەر بە داواکانی کوردستان زمانی زبرو توندوتیژی بە کار هێناوەو ئەمەش لە کوردستان کاردانەوەی توندی لێکەوتووەتەوە کە تا ئیستا ئەو ململانییە درێژەی هەیە. بە درێژایی سالانی رابردووو کوردستان جیگای ململانیی چەکداری حکومەتو پێشمەرگەکانی بووەو ئەمەش بە زیانێکی گەورە بۆ سەر خەلکی کوردستان شکاوەتەوە.

بزووتنەوەی کۆماریخوازی رۆژهەلاتی کوردستان لە گەڵ ئەوەی داوا لە حکومەتی ناوەندی دەکات بە شیوازی دیالۆگو ئاشتیانە بە دەنگ داخوازیەکانی کوردستانەوە بێت، هاوکات وەک بزووتنەوەیەکی مەدەنی رێگای دیالۆگو زمانی هاوپەرخو گفتوگۆ بەرامبەر بە حکومەتی ناوەندی دەگریتە پێش و لە هەر چەشنە کار و چالاکی توندی سەربازی کە ببێتە هوی زیان پیگەیاندن بە خەلکی کوردستانو داوا رەواکەی دووری دەکاتو پێی وایە داواکاریەکانی خەلکی کوردستان تەنیاو تەنیا لە رێگای دیالۆگو ئاشتیەوە دەستەبەر دەکرێت.

لێرەدا کاری بزووتنەوەی کۆماریخوازی رۆژهەلاتی کوردستان دژایەتی هیچ حکومەتێکی ناوەندی نیە بەلکوو بزووتنەوە هەوڵدەدات تێکۆشانی سەروەریسازی چینو توێژی گەل لەراستای دۆزینەوەی رێگا حەلێکی دێمۆکراتیک

و ئاشتیخوازانەی پرسی کورد لە ڕۆژهەلاتی کوردستان ئۆرگانیزە بکات، هەر بۆیەشە لەبەر تیشکی ئەم خوێندنەوەیە،

بزوتنەوەی کۆماریخوازی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بۆ چارەسەرکردنی پرسی کورد لەڕێگای دیالۆگ ئامادەیە، تابەلکوو لەبەستێنێکی کراوەو مرۆڤانەدا داهێنەری خەباتێکی تازەبێ. بۆیە لەم ڕاستایەدا بە مەبەستی نێشاندانی سیمای ئاشتیخوازی و گەیاندنی پەیامی ڕەواو مافخوازانە لەبەردەم نەیار و دۆستەکانماندا دروشمی روخانی کۆماری ئیسلامی ئێران لەبەرنامەی کاری سیاسیی بزوتنەوەدا ناگونجێنین. هەرئاواش لەم کاتەدا داوا لە هەموو هێز و لایەنە سیاسییەکانی بەشدار لەگۆڕەپانی خەبات دەکەین، کە دروشمی روخانی کۆماری ئیسلامی لەپرۆگرامی سیاسیو ئەجیندای کار و چالاکیەکانیان وەلابنێن. بەباوەڕی ئێمە دروشمی روخان نەک هەر سەرئێشەی بۆ حیزب و لایەنەکان دروستکردوە، بەڵکوو هۆکارێک بوە بۆ سەرکوتکردنی خەڵکی کوردستان لەلایەن ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێرانەوە. بوونی ئەو دروشمەهەلومەرجێکی خوڵقاندوە، کەبۆ ڕێژیم بەرواڵەت ڕەوا بووە کوردستان بەشێوازێکی دڕندانەبخاتەژێر پەلامار و هەڕەشە. لەکەشو هەوا و دۆخی نائەمنی کوردستاندا بەرپرسانی ڕێژیم تەنانەت لەکوشتنی خەڵکی بێدیفاع دەستیان نەپاراستوە. لەڕوانگەی ئێمە ئەو دروشمە بۆتە کۆسپ و تەگەرە لەبەردەم خەباتی مەدەنی و نافەرمانی مەدەنی نەتەوەکەمان لەڕۆژهەڵاتی کوردستاندا. بزووتنەوەمان پێوایە دروشمی روخان دەگەڵ فەلسەفە و شێوازی خەباتی سیاسی و مەدەنی ناگونجێ. لەبەر تیشکی ئەم خوێندنەوە و لێکدانەوەیەدا بزووتنەوەی کۆماریخوازی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دروشمی

روخانی نیزامی ئێران له‌ به‌رنامه‌ی سیاسی هه‌نووکه‌یی خۆیدا ناگونجێنێ. و هه‌ربۆیه‌شه‌ له‌پێناوی نه‌هێشتنی به‌هانه‌ی قه‌ڵغانی ئاسایش و سپه‌ری ئه‌منییه‌تی له‌کوردستاندا، لابردنی دروشمی روخاندنی کۆماری ئیسلامی ئێران به‌کارێکی پۆزیتڤ وئه‌رێنی ده‌زانین. به‌مجۆره‌به‌هه‌موو لایه‌کمان به‌ستێنی سه‌رگرتن و په‌ره‌گرتنی خه‌باتی تێکڕایی و مه‌ده‌نی له‌شار و گونده‌کانی رۆژهه‌ڵاتی کوردستان به‌رینتر ده‌که‌ین. له‌و رێگایه‌وه‌خه‌ڵکی زیاتر تێکه‌ڵ به‌خه‌بات ده‌بن و تێکۆشان له‌ژیانی رۆژانه‌ی خه‌ڵکدا ره‌نگ ده‌داته‌وه‌. بزووتنه‌وه‌ پێوایه‌ کار بۆ سه‌قامگیرکردنی ئاشتی و ئاسایش، ئه‌رکی گشت لایه‌کمانه‌، خه‌لک له‌ که‌شوهه‌وای پر له‌ئاشتی و ئاسایش دا ده‌توانن کار، که‌سابه‌ت، خوێندن، گه‌ران‌و خۆشگووزه‌رانی، سه‌فه‌ر و هاتووچۆی خۆیان وه‌ک خه‌لکانی عادی ئه‌نجام بده‌ن، و له‌پال ئه‌مانه‌شدا خه‌لک به‌بێ ترس، چلاکی مافخوازانه‌یان له‌پێناۆ ده‌سته‌به‌رکردنی مافی خۆبه‌رێوه‌به‌ری خۆجه‌یی، واته‌ چالاکی له‌پێناۆ ده‌ستخستنی سه‌روه‌ری سیاسی و نه‌ته‌وه‌یی ئۆرگانیزه‌ بکه‌ن.

## هه‌ڵوێستی بزوتنه‌وه‌ به‌رامبه‌ر به‌سیستمی حیزبیی و ئۆپۆزیسیۆنی کورد له‌ رۆژهه‌ڵاتی کوردستان

بزوتنه‌وه‌ی کۆماریخوازی رۆژهه‌ڵاتی کوردستان، خۆی به‌ دژبه‌ر، جێگره‌وه‌ و ئاڵترناتیڤی حیزب و رێکخراوه‌کانی رۆژهه‌ڵاتی کوردستان نازانێ. هه‌موو لایه‌نه‌کان دۆست و هاوخه‌باتی ئێمه‌ن و بۆ سه‌رخستنی پرۆژه‌ی ده‌سته‌به‌رکردنی مافی ده‌سه‌ڵاتی سیاسیی هه‌موویان به‌هاوکار پێناسه‌ده‌که‌ین. له‌ سه‌ره‌تای راگه‌یاندن و ئاشکراکردنی تێکۆشان و کرده‌ی سیاسییدا، ده‌ستی دۆستی‌و هاوکاری بۆ لای سه‌رجه‌م حیزب و رێکخراوه‌کان

درێژ دەکەین. لەچوارچێوەی دامەزراندنی پێوەندییەکی پەتەو و هاوتا لەگەڵ ئەکتەرە سیاسیەکانی رۆژهەڵاتی کوردستاندا، بزوتنەوەکەمان هەنگاوی یەکەم هەڵدەگرێ. لەئاستی کوردستانی گەورەدا و لەگەڵ پارت و رێکخراوی پارچەکانی دیکەدا لەپێوەندی و هاوکاریدا دەبین، بەڵام قورسایی کار و تێکۆشان و پێوەندییەکانمان لەرۆژهەڵاتی کوردستانە.بۆ سەرخستنی بیرۆکەی کۆکردنەوەی رێکخراو و پارتەسیاسییەکان ئامادەی هاوکاری بەکردەوەین و لەریزی پێشەوەی ئەو رێکخراوانە دەبین، کەبۆ خوڵقاندنی بەستێنی تێکۆشانی هاوبەش هەنگاو هەڵدەگرین.

## هەڵویستی بزوتنەوە سەبارەت بە رەوتی خەباتی مەدەنی لەنێوخۆی وڵات

بزوتنەوەی کۆماریخوازی رۆژهەڵاتی کوردستان، لە چوارچێوەی ستڕاتیژی خوڵقاندنی هەلومەرج و دەستەبەربوونی سەروەری سیاسی و باوەڕی قووڵ بە رێگاچارەی سیاسی، شێوازی "خەباتی مەدەنیو نافەرمانی مەدەنی"، بە گونجاوترین شێوازی خەبات بۆ ئێستای کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان دەزانێ. کەڵوەرگرتن لە مێتۆدی ئاماژەپێکراو بەشێوەیەکی ئامانجدار و پلان بۆ داڕێژراو دەرفەت و هەلومەرجی گونجاو بۆ دیالۆگی نێوان کورد و دەسەڵاتی ناوەندی دەخوڵقێنێ. بزوتنەوەکەمان دەسکەوتەکانی رەوتی هەنووکەیی خەباتی مەدەنی لە رۆژهەلاتی کوردستان بەرز دەنرخێنێ، بەڵام ئەم رەوتە توانا و وزەی چارەسەرکردنی پرسی کوردی نییە. لەروانگەی بزوتنەوەی کۆماریخوازی رۆژهەڵاتی کوردستانەوە خەباتی ناسراو بەخەباتی مەدەنی لە رۆژهەلاتی کورستان پڕش و بڵاوەو بەگوێرەی لێکدانەوەکان ناتوانێ وڵامدەری پرسی ناسنامەی نەتەوەکەمان بێت. لەئەگەری تێکەڵبوونی ئەکتەرە سەرەکییەکانی

خەبات بەبزوتنەوەی نێوخۆیی، بەستێنی تێکۆشان دەگۆڕێ و باڵی نەتەوەیی سووکانی ڕەوتی تێکۆشان بەدەستەوەدەگرێ. بزوتنەوەلەژێر تیشکی لێکدانەوە و پێداچوونەوە لەسەر چۆنایەتی و چەندایەتی جوولانەوەی نێوخۆیی خەڵکی کوردستان، بۆ گواستنەوەی داواکارییەکانی لەئاستی سینفی بۆ ئاستی نەتەوەیی تێدەکۆشێ. و هەولدەدات سەقفی متالەباتی بزوتنەوەی مەدەنی لە داخوازگەلی سێنفیو چەنددەنگی وە پەرشو بلاویی هەنووکەیی، بەرەۆ ئاستی داخوازگەلی گشتی و سەروەریخوازی نەتەوەیی دەرباز بکات و لەم راستایەشدا، داوا لە گشت چالاکوانو نیهادگەلی گۆرەپانی خەباتی مەدەنی دەکات کە فەعالییەت و چالاکی خۆیان لەژێر سەقفی درووشمی " هەموو پێکەوە و یەکدەنگ بەرەۆ چەسپاندنی ئەسلی سەروەری سیاسی نەتەوەییمان" ئۆرگانیزە بکەن.

لەژێر چەتری تێکۆشان بۆ دەستەبەربوونی مافی سەروەری سیاسی و جولاٚنەوەی گەڕانەوەبۆ بنەمافیکریەکانی کۆماری کوردستاندا، دەرفەت و هەلومەرجی گونجاو بۆ سەرجەم بزوتنەوە ڕەنگاوڕەنگەکانی دیکە دێتەکایەوە.

هەڵویستی بزوتنەوە بەرامبەر بە جولاٚنەوەی سەوزی ئێران و مەلملانەی نێوان دوو باڵی فەرمانڕەوای کۆماری ئسلامی ئێران

ئەگەرچی بزوتنەوەی سەۆز بەرەو کزی چووە، بەلاٚم بەتەواوەتی لەپەلوپۆ نەکەوتوە. بزوتنەوی سەوز درێژەی ئەو زنجیرە بزوتنەوە و ناڕەزایەتیانەیە، کە رەگ و ریشەی بۆ سەردەمی شۆرشی مەشرووتە دەگەرێتەوە. بزوتنەوەی ناوبراو خاوەنی گووتار و پەیامێکی چەند لایەنەیە، بەلاٚم دەکرێ وەک

بزوتنەوەیەکی لیبراڵ دێمۆکڕاتیک پێناسە بکرێت. زۆربەی داواکاری و ویستەکانی بزوتنەوەی سەوز لە بیرۆکەی لیبراڵیستی دا جێدەکرێنەوە. لەو بارەوە دەکرێ ئاماژەبە مافە سرووشتیەکانی وەک: مافی ژیان، ئازادی، خاوەنایەتی، پاراستنی مافی هاوولاتیەتی،سەرکەوتنی کەرتی تایبەتی بەسەر گشتیی و هتد بکەین، کە هەوێنی باوەڕی لیبراڵیزم پێکدێنن. نێوەرۆک و هەوێنی داخوازییەکانی بزوتنەوەی سەوز و لایەنگرانی ئەو رەوتە بەشێوەیەکی رێژەیی لە گەڵ بنەماکانی لیبراڵیزم دەگونجێن. داخوازی و داواکارییەکان لەئاستێکی گشتیدا بریتین لە ئازادی ، بوونی ئەگەر و مافی وەک یەک بۆ بەشداربوون لەپرۆسەی سیاسی، دەسەلاتی خەڵک، دابەشکردنی دەسەلات و هەوڵدان بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی یاسا. بەباوەڕی ئێمە بزوتنەوەی سەوز لەگەڵ ئەوەشدا کە خاوەنی تایبەتمەندی لیبراڵدێمۆکڕاتیکە، بەڵام ناکرێ بە جولانەوەیەکی خۆڕسک پێناسە بکرێ. بزوتنەوەی ئاماژەپێکراو هەڵگری پاشخانێکی مێژووییە، کە لە سەردەمی مەشرووتە تاکوو ئەمڕۆ بەتێکەلاوبوون لەگەڵ کولتوور و داب و نەریتی ئێرانی و سوننەتی داڕشتنی سیاسەت لەئێراندا جۆشکراوە. ئەو بزوتنەوەیە هەڵقولاوی لیبراڵیزمی دۆکترینالە،کە جۆرەکولتوورێکی سیاسی بەرهەم هێناوە. ئەو کولتوورە بەخوڵقاندنی بەستێنی گونجاو، لەسەر پێکهاتەو نێوەرۆکی لیبڕاڵیزمی دێموکراتی ئێرانی (لیبراڵی، نەتەوەیی ئایینی و چەپی مام ناوەندەی) کاریگەری هەبوە.

بزوتنەوەی کۆماریخوازی لەسەر ئەوباوەڕەیە،کە رێبەڕانی بەناو بزوتنەوە لەهەوڵدان، کە رەوتی جولانەوە بەرو گوتاری سەردەمی سالانی سەرەتای سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران بەرنەوە. ئەوان بەهێنانەگۆڕ و

زەقکردنەوەی رەوتی بەناو" پەیڕەوانی خەتی ئیمام خومەینی " ، کەگۆیا لەلایەن پاوانخوازانەوە لەبیرکراوە، رووکار و هێڵە سەرەکی و ستراتیژییەکانی خۆیان بۆ هەموو لایەک ئاشکرا کرد. بەباوەڕی بزوتنەوەکەمان جولانەوەی سەوزی ئێرانی بە هۆی ئەو تایبەتمەندییانەی کەئاماژەیان پێکرا،رەنگە شایانی پشتیوانی کردن بێت. هۆکاری سەرەکی بۆ ئەو جۆرەپاڵپشتی کردنە، سیما و تایبەتمەندی لێبرالدێموکڕاتیکە. جێگای سەرنجە، کە بزوتنەوەی کورد وەک بزوتنەوەیەکی میللیدێمۆکڕاتیک خاوەن ناسنامەی دیار و پاشخانێکی نەتەوەییە. بزوتنەوەی کورد لەرۆژهەلاتی کوردستان لەسەر ئەو تایبەتمەندیە دیار و گرینگە، پێویستە لەهەموو سەردەمەکاندا ناسنامەو هەلومەرجی تایبەت بەخۆی بپارێزێ.
بزوتنەوەی کۆماریخوازی رۆژهەلاتی کوردستان بەمافی خۆی دەزانێ، کە لەژێر دروشمی "هەموو پێکەوەبەرەوەچەسپاندنی بنەمای دەستەبەربوونی دەسەلات و سەروەری سیاسیی نەتەوەکەمان" وەک جێگرەوەو ئاڵترناتیڤی جولانەوەی سەوزی ئێرانی لە رۆژهەلاتی کوردستان خۆی پێناسەبکات.

لەتێڕوانینی بزوتنەوەی کۆماریخوازەوە سەرانی جولانەوەی سەوزی ئێران، خوازیاری ئاڵوگۆر لە چوارچێوەی یاسای بنەرەتی ئێران دان. بەواتایەکی دیکە ئەوان باسێک لەروخان و ئاڵوگۆڕی بنەڕەتی ناکەن. گۆڕانی ئەوان لەپێناوی مانەوەی نیزام و هێشتنەوەی قەوارەی دەسەلاتی سیاسیی ئێران لەشکڵ و فۆرمی هەنووکەیی دایە. ئەوان بەپشت بەستن بەیاسای بنەڕەتی ولات هەوڵی پێکهێنانی ئاڵوگۆڕی رواڵەتی دەدەن. دیارە کە لەچوارچێوەی ئەو ئاڵوگۆڕانەدا دەستاودەستی دەسەلات لەنێوان رێبەرانی باڵی سەوز و دەسەلاتدا دەستەبەر دەبێ، بەلام ئاڵوگۆڕێکی کاریگەر و کارساز نایەتەکایەوە.

نەتەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەبێ بەپارێزەوەلەگەڵ بارودۆخی ئەو بزوتنەوەیە هەڵسوکەوت بکا. تێکەڵبوون بەم بزوتنەوەیە بەمانای ڕاگەیاندنی شەڕ بەرامبەر بەباڵی کۆنەپارێزی دەسەڵاتدارە، کەکوردەکان لەگەڵ چارەنووسێکی نادیار ڕووبەڕوو دەکا. بزوتنەوەی سەوز لەسەرەتاوە خاوەنی ڕوانگەی دیار و شەففاف بەرامبەر بە مافی گەلان و یەک لەوان نەتەوەی کورد نەبووە. بێجگە لەوە لەبەر نادیاربوونی چارەنووسی بزوتنەوەی سەوز، تێکەڵبوونی کوردەکان بەو بزوتنەوەیە هەڵگری دواڕۆژێکی ڕوون نییە. بزوتنەوەی کۆماریخوازی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، پەیامی سەرانی بزوتنەوەی سەوز سەبارەت بەکورد و پرسی نەتەوەیی بەبێ نێوەرۆک دەزانێ. هەرچەندە جولانەوەی سەوز هەڵگری هیچ پەیامێکی پۆزیتیڤ بۆ نەتەوەکەمان نییە،بەڵام ئێمە سیاسەتی دژایەتی کردن بەرامبەر بەوان ناگرینەبەر. لەداهاتوودا لەسەر بنەمای هەڵوێست و ڕوانگەکان سیاسەتی خۆمان لەگەڵ بزوتنەوەی سەوز دیاری دەکەین. ئێمە پەیام و گەلاڵەی داخوازی دەستەبەربوونی دەسەڵات و سەروەری سیاسیی نەتەوەکەمان بۆ نەیارەکانیش ڕەوانەدەکەین (سەۆزەکان و باڵی ئوسوولگەرا). هەڵوێستی پشتگیری بزوتنەوەی کۆماریخوازی ڕۆژهەلاتی کوردستان بەرامبەر بەیەکێک لەو دوو باڵە پێوەندی بەهەڵوێست و سیاسەتی بەفەرمی ناسینی ڕەوایی گەلاڵەی دەستەبەربوونی سەروەری و دەسەڵاتی سیاسی نەتەوەکەمانەوە هەیە. بەواتایەکی دیکە، بزوتنەوەکەمان پشتیوانی لەو باڵە دەکا، کەبەشێوەی فەرمی ئامادەیە، ڕەوایی و بەرحەقی مافی نەتەوەی کورد قبوڵ بکات.

# شووڕای هاوئاهەنگی بزوتنەوەی کۆماریخوازی ڕۆژهەڵاتی کوردستان

سایتی بزووتنەوە:

www.komarixwaz.com

ئیمەیڵ بۆ پەیوەندی و ڕەوانەکردنی ڕەخنە، تێبینی، پێشنیار، وە یان پەیوەست بوونتان بە بزووتنەوەی کۆماریخوازی ڕۆژهەلاتی کوردستان:

b.komarixwazi.r@hotmail.com

info@komarixwaz.com